# ئاڵای ئازادی

ژمارە (٨٦١) چوارشەممە ٢٠١٠/٦/٣٠ نرخی (٥٠٠) دینارە

www.hetaw.net E-Mail: alayazady@yahoo.com


## ڕۆژنامەنووس ئازاد سدیق کۆچی دوایی کرد

**ئاڵای ئازادی/ تایبەت: کاتژمێر ٥:٣٠ خولەکی بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٠/٦/٢٩ ڕۆژنامەنووس ئازاد سدیق بەنەخۆشی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.**

سەرچاوەیەک لەپزیشکی دادوەریی سلێمانی ڕاگەیاند، ڕۆژنامەنووس ئازاد سدیق بەنەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووە، دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی دەرکەوت ناوبراو بەجەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردووە.

ئازاد سدیق یەکێکبوو لەکادیرە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو لەماوەی کارکردنیدا چەند بەرپرسیارێتییەکی لەئەستۆ گرتووە، لەوانە بەرپرسی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێپرسراوی بەشی هەواڵی کەناڵی کوردسات، هەروەک لەچەند ناوەندێکی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا کاریکردووە، ماوەیەکیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆی دەزگای خەندان بووە.

**ئێمەش بەناوی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادییەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادەو بنەماڵە بەڕێزەکەیان دەکەینو هیوادارین ئەمە دواکۆستییان بێت.**

# پەرلەمانتارانی لیستەکەی مالیکی:
# ئۆپۆزسیۆنمان پێباشترە لەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠

**ئاڵای ئازادی/ تایبەت: ئەندامێکی لیسی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات ئاماژە بەوەدەکات "ئەندامانی دەوڵەتی یاسا ئەوەیان پێباشترە وەک ئۆپۆزسیۆن لەئەنجومەنی نوێنەراندا دابنیشن نەک بۆ ڕازیکردنی هاوپەیمانیی کوردستانو لەپێناو وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیراندا جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی ماوە بەسەرچوو قبوڵبکەن".**

هاوکات حەسەن سنێد لەهەمان لیست ئەوەی ڕاگەیاند، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی لەمیانی دانووستانەکانیدا لەگەڵ لایەنی کوردییدا، هیچ بەڵننامەیەکی نووسراوی نەخستووەتە بەردەم شاندە کوردییەکە، بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠.

هەرچەندە پێشتر سەرچاوەکانی هەواڵ ئەوەیان بڵاوکردبوویەوە کە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بەنووسراو بەڵێنیداوە بەشاندی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠).

هەروەها دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلەندەنو لەمیانەی کۆنفرانسی ئابووریی کوردستاندا ئەوەی ڕاگەیاندبوو، کە هیچ ڕێکەوتنێکی زارەکی لەگەڵ هیچ لیستێکی عێراق ناکرێت، تەنها بەنووسراو نەبێت، ئەوە وەک گرەنتی بۆ بەشداریکردن کورد لەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق.

زانا ڕۆستایی ئەندامی شاندی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکوموتی نوێی عێراق بۆ ئاڵای ئازادی ئاماژە بەوەدەکات، لەکۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ لیستی عێراقییەی ئەیاد عەلاوییو لیستەکانی دیکەی پەرلەمانی عێراق، گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە هەر کێشەیەک بێتە پێش، پێویستە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی چارەسەربکرێت، "مادەی ١٤٠یش خاڵێکی نێو ئەو دەستوورەی عێراقەو لەو چوارچێوەیەدایە".



# هاودین.. قوربانییەکی تری تۆپبارانەکان

**ئاڵای ئازادی/ تایبەت: هاودین قادر شێخەو خێزانەکەی لەگوندی بۆڵێ بەهۆی تۆپبارانەکانەوە ڕایانکردووە، چەند ڕۆژێکبوو لەدۆڵی شەهیدان لەناو ئەو کەمپە دەژیان کە بۆیان کراوەتەوە، ئەوەشیان بەدەرفەتێک زانیبوو کە بتوانن لەو ناوچە ئارامەدا ژیانیان بپارێزین، بەڵام دوانیوەڕۆی ٢٠١٠/٦/١٦ هاودین دەکەوێتە ناو ئاوی ڕووباری شەهیدانو ژیانی لەدەستدەدات.**

هاودین قادر شێخە منداڵێکی تەمەنی شەش ساڵو نیو بوو، تائێستا نەچوو بووە قوتابخانە، بەڵام وەک دەروبەرەکەی باسیدەکەن زۆر ئارەزووی خوێندنی هەبووە، ناوی تەواوەتیشی هاودینە، بەڵام بەهۆی خۆشەویستیشی لەماڵەوە چەند ناوێکی وەکو شەنگارو سۆرینی هەبووە.

تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان، هۆکاری سەرەکی گیانلەدەستدانی ئەم منداڵە کوردەیە کە بەهۆی دەستدرێژی دراوسێکانمانەوە بەدوای شوێنێکی ئارامدا وێڵن.

**زانیاری زیاتر لەپەلاڕە ٤دایە.**

## سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لەئەستەنبوڵ:
# ئەردۆغان بەپشتیوانی ئەمریکا لەسەرکارە

**ئاڵای ئازادی/ تایبەت: سامی تان سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لەئەستەنبوڵ کە بەسەردانێک لەهەرێمی کوردستانە، بۆچوونی خۆی لەسەر پرسی کوردو ئیسلامی سیاسی لەتورکیا دەخاتەڕوو.**

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاڵای ئازادی ناوبراو ئاماژە بەوەدەکات، هەرچەندە ئاکەپە لەلایەکەوە کەسانی ئەرگەنەکۆن دەستگیردەکات، بەڵام لەلایەکی تریشەوە سەرۆک شارەوانییە کوردەکانیش دەگرێت، ئاکەپە کاتێک دەبینێت لەو شەڕەی دەسەڵات بۆشاییەک دروستدەبێت، ناخوازێت کورد سوود لەو دەرفەتە وەرگرن، بۆیە لەلایەک دەستی خۆی لەسەری ئەرتەش دەخاتو لەلایەکەی تریش دەستی بەسەری کورداندا دەکێشێت.

سامی تان ئەوەش ئاشکرادەکات، ئێستا ئاکەپە بەپشتگیریی تەریقەتو بەپشتیوانی ئەمریکا لەسەرکارە، "پارتی دادو گەشەپێدان ئەنجامی دەستکارییو دەستێوەردانی ئەمریکایە کە لەنێو پارتی ڕەفا دەرکەوتو بووە دەسەڵاتدار، شتێکی تریش هەیە کە ئاکەپە بەخەیاڵی عوسمانییەتی نوێیە، کە دەخوازێت ئیدۆلۆژیەتی ئەو لەهەرێمەکە لەنوێوە سەردەست بکات"، بەوتەی ئەو، بۆیە بەو بیرو باوەڕە دەجوڵێتەوە کە خۆی وەکو نوێنەری هەموو ئیسلام لەناوچەکە نیشانبدات.

وتیشی "ئاکەپە نەیتوانی بەرگری لەو پڕۆژەیەی خۆشی بکات کە بۆ گۆڕینی دەستوور ئامادەیکردبوو، دەبێت ئەوەش بڵێین هەرچەند ئاکەپە خۆی نزیکی ئەمریکا دەکاتەوە، بەڵام ئەمریکا هیچ جارێک خۆی بێ ئەڵتەرناتیف ناهێڵێتەوەو خۆ بۆ ئەڵتەرناتیڤی نوێش ئامادەدەکات.

**دەقی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە ١٤دا دەخوێنیتەوە.**

## چاغڵایە لەهەولێر: داهاتی ساڵانەمان
# زیاد دەکەین بۆ ٢٠ ملیار دۆلار

**ئاڵای ئازادی/ هەولێر: وەزیری بازرگانی تورکیا ڕایگەیاند، بەنیازن داهاتی ساڵانەی کۆمپانیاکانیان لەعێراق لەحەوت ملیار دۆلارەوە زیادبکەن بۆ بیست ملیار دۆلار.**

زافەر چاغڵایە وەزیری بازرگانی تورکیا بەسەردانێک هاتە هەرێمی کوردستانو لەگەڵ هەردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستانو حکومەت کۆبووەو پاشان لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بازرگانی کوردو تورکدا ئاماژەی بەوەکرد، نابێت حکومەتی هەرێم ڕێگە بەتیرۆریستان بدات کە پەلاماری دراوسێکانیان بداتو پێویستیشە حکومەتی هەرێم تیرۆریستان دەربکات (وەک ئاماژەیەک بۆ پەکەکە).

لای خۆیشیەوە دکتۆر بەرهەم سەرۆکی حکومەت وتی "ئێمە قبوڵی ناکەین هیچ لایەنێک سنووری ئێمە دژی هاوسێکانمان بەکاربهێنێو پێویستیشە جیرانەکانمان ڕێز لەدراوسێیەتی عێراق بگرن".

بەپێی زانیارییەکانی ئاڵای ئازادی ١١٨٢ کۆمپانیای بیانی لەهەرێمی کوردستاندا کاری وەبەرهێنان دەکەن، لەو ڕێژەیەش ٥٣٪یان کۆمپانیای تورکین، هەروەها ڕۆژانەش دوو ملیۆنو ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو لەخاکی هەرێمی کوردستانەوە دەچێتە تورکیا.

# ١٥٠٠ منداڵی کورد بەنایاسایی لەزیندانەکانی تورکیادان

**ئاڵای ئازادی تایبەت: پارتی ئاشتیو دیموکراتیو پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، سیمینارێکی هاوبەش لەسەر کێشەی کورد لەستۆکهۆڵم ئەنجامدەدەن.**

لەماوەی ڕابردوودا وەفدێکی باڵای پارتی ئاشتیو دیموکراتی بەسەرۆکایەتی سەڵاحەدین دەمیرتاش بانگهێشتی وڵاتی سوید کرانو لەوێ لەگەڵ وەفێکی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید کۆبوونەوە.

بەپێی زانیارییەکانی ئاڵای ئازادی، وەفدەکەی پارتی ئاشتیو دیموکراتی چاویانکەوتووە بەمۆنا سالین سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدو بەرپرسانی دیکەی ئەو پارتەو لەکۆبوونەوەیەکدا باس لەبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان گەلی سویدو کورد بەگشتیو پارتی ئاشتیو دیموکراتیو پارتی سۆسیال دیموکرات بەتایبەتی کراوە.

دواتر سیمینارێکی هاوبەش لەنێوان وەفدی پارتی ئاشتیو دیموکراتیو دەستەی بەڕێوبەری پارتی سۆسیال دیموکرات ئەنجامدەدرێت کە تێیدا باس لەڕەوشی کورد لەباکوور دەکرێت بەتایبەت کە نزیکەی ١٥٠٠ منداڵی کورد لەخوار تەمەنی یاسایی واتە ١٨ ساڵییەوە خراونەتە زیندانەوە تورکیا.

# ئۆزچەلیک لیژنەیەکی دوولایەنە پێشنیازدەکات



**ئاڵای ئازادی/ هەولێر: موراد ئۆزچەلیک باڵیۆزی تورکیا لەعێراق بەسەردانێک گەیشتە هەرێمی کوردستانو لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی کۆبووەوە.**

هەروەها نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتیو ئایدن سەلجەن کونسوڵی تورکیا لەهەولێر ئامادەی کۆبوونەوەکەبوون.

بەپێی زانیارییەکان، ئۆزچەلیک بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەردوولا، پێشنیاری دامەزراندنی لیژنەیەکی دوو لایەنە لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا دەکات، چونکە ئۆزچەلیک پێیوابووە کە لیژنە سێ لایەنەو چوار لایەنەکەی پێشوو وەک پێویست دژی پەکەکە چالاک نەبووەو بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیازی ئەوەی کردووە کە "لیژنەیەکی دوو لایەنە لەنێوان تورکیاو باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان) پێکبهێنرێت".

هەروەها باسیش لەبابەتەکانی پەکەکەو هەوڵدانەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقو چەند بابەتێکی تر کراوە.